فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ فەرماندەی ئەمنیەکانی بابل کۆبوونەوە



ئەمڕۆ پێنجشەممە، فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکان و سەرکی ئێنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەگەڵ فەرماندەی ئەمنیەکانی بابل کۆبوونەوە،و جەختی لەسەر پێویستی تەواوکاری کاری ئەمنی لەگەڵ کاری خزمەتگوزاری و پێڕۆکانی گەشەپێدان کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ووتی: فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرکی ئێنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرکایەتیی کۆبوونەوەی فەرماندەکان و پەکھاتەکانی ئەمنی و سەربازی کرد لە پارێزگای بابل، بە ئامادەبوونی جێگری فەرماندەی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان.

لە میانی کۆبوونەوەکەدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان جەختیکردەوە: لە پێویستی تەواوکاری کارە ئەمنییەکان لەگەڵ کاری خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و پێڕۆ ئابوورییەکان کە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێدەکرێن یان پێڕۆکانی وێبەرهێنان کە پێویستیان بە ژینگەیەکی ئەمنی و سەقامگیری کەمە یەتی هەیە.

تەئکیدیشیکردەوە: کە بەردەوامبوون لە پێڕۆ و خزمەتگوزاریەکانی ئاوەدانکردنەوە پێویستە بە ئاسایشەوە، و وتیشی: پێویستە هۆکانی پێویست بە زانیاریی ئەمنییەکان و هەواگریەکان یەکبخرێن، بەهەی ئەو گرنگییەی کە ئەم بابەتە نوێنرایەتی دەکات لە پاراستنی ئاسایش و

دەستبەرکردنی هاوڵاتیان و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە دزەکردنێك یان سەرپێچییەکی ئەمنی، و پێشبینیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئاستەنگێ ئەمنییەکان، هێزەکانی ئاسایش ڕاسپاردەشی دا، کە بەشێوەیەکی شایستە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا بکرێت، ئەمەش ڕێنگدانەوەی ڕووی گەشاوەی دەوڵەت و یاساکانی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.